# كاريگەريي ستراتيجيي‌ەتي دارە سارد‌ەمەنيي‌ەكان ل‌ەس‌ەر د‌ەستك‌ەوت وئاڕاست‌ەي خوێندكاراني پۆلي پێنج‌ەمي ئامادەيي ب‌ەر‌ەو باب‌ەتي ڕێزماني كوردي

نبراس كازم حوسين ع‌ەنزي
Nebras.Naief2306@ircoedu.uobaghdad.edu.iq
پ.د.م‌ەهاباد ع‌ەبدولك‌ەريم ئ‌ەحم‌ەد
mahabad.abdulkarim@ircoedu.uobaghdad.edu.iq
كۆلێژي پ‌ەروەردەي ئيبن ڕوشد بۆ زانست‌ە مرۆڤايەتيي‌ەكاني زانكۆ ب‌ەغداد

**پوختەی**

كاريگەرى ستراتيجييەتى دارە ساردەمەنييەكان لـە دەستكەوت و ئاراسـتەى خوێندكارانى پۆلى پێنجـەمى ئامادەيى لە بابـەتى ڕێزمـانى كـوردى بـۆ لێكۆڵينـەوە لـە ئامـانجى توێژينەوەكـە، ئـەم دوو گريمانـە سفريەى داڕشتووە:

1- جيـاوازى ئامـاژەپێكراوى ئامـارى لـە ئاسـتى بەڵگـەى (0.05) لـە نێـوان ناوەنـدى نمـرەى خوێنـدكارانى كۆمەڵەى ئەزموونى نييە، كە بابەتى ڕێزمانى كوردييان بە پێى ستراتيجيەتى دارە ساردەمەنييەكان.

2- جياوازى ئاماژەپێكراوى ئامـارى لـە ئاسـتى بەڵگـەى (0.05) لـە نێـوان ناوەنـدى نمـرەى خوێنـدكارانى كۆمەڵەى ئەزموونى نييە كە بابەتى ڕێزمانى كوردييان بەپێى ستراتيجيەتى دارە ساردەمەنييەكان

كۆمەڵگەى توێژينەوەى ئێستا خوێندكارانى پۆلى پێنجەمى ئامادەيى/ لقى زانستى لـە خوێندنگـەى دواناوەنـدى و ئامادەيى حكومى بەيانيانى سەر بە بەڕێوەبەرايەتى گشتى پەروەردەى/ كەرخى يەكەم دەنوێنێت، ئامـادەيى (الانفال) بۆ كچان , بۆئەوەى هۆبـەى (ئـ) كۆمەڵـەى ئـەموونى بنوێنێت ژمارەيـان (31) خوێنـدكارو، كـە بەپێى ستراتيجيەتى دارە ساردەمەنييەكان وانەى پێ وتوونـە، هـەروەها هۆبـەى (ب) بـۆ نوانـدنى كۆمەڵـەى كۆنترۆلكراو ژمارەيان گەيشتووە بە (30) خوێندكار كە بە پێى ڕێگاى ئاسايى وانـەى پـێ وتوونـە، تـوێژەر ئامانجى ڕەفتارى بۆ بابەتەكان داڕشـتووە، ژمارەيـان گەيشـتووە بـە (77) ئامـانجى ڕەفتـارى، تـوێژەر دوو ئامرازى بابەتى ئامـادەكردووە، تاقيكردنـەوەى دەستكەوتى بابـەتى ڕێزمـانى كوردييـە، لـە (30) بڕگـە ، لـە جۆرى دووەم پێوەرى ئاراستە بەرەو بابەتەكە لە (30) بڕگە

سەركەوتنى خوێندكارانى كۆمەڵەى ئـەزموونى كـە بابـەتى ڕێزمـانى كورديـان بـە پێـى سـتراتيجيەتى دارە ساردەمەنييەكان پێى وتوونە بەسەر خوێندكارانى كۆمەڵەى كۆنترۆڵكراو .

**الكلمات المفتاحية :ستراتيجييەتى دارە ساردەمەنييەكان, دەستكەوت ,ئاڕاستەى, ڕێزمانى كوردى.**

# The Effect of the ice Cream Sticks Strategy on the Achievement and Attitude of Fifth Grade Female Students in the Kurdish Language Grammar Subject

**Nibras Kazem Hussein Al-Anzi**
Nebras.Naief2306@ircoedu.uobaghdad.edu.iq
**Dr.Mahabad Abdulkareem Ahmed**
mahabad.abdulkarim@ircoedu.uobaghdad.edu.iq
**University of Baghdad,the College of Education Ibn Rushd for human sciences**

**Abstract**

The current investigation is to examine the impact of the "Popsicle Stick Strategy" on the academic accomplishments and attitudes of female students in the fifth grade with regards to the study of Kurdish grammar.

The primary objective of the current investigation is to examine the impact of the "Popsicle Stick Strategy" on the academic accomplishments and attitudes of female students in the fifth grade with regards to the study of Kurdish grammar. In order to achieve this particular goal, two null hypotheses have been created.

The first null hypothesis postulates that there is no statistically significant distinction, at the 0.05 significance level, between the average scores of the students in the experimental group who are studying Kurdish grammar utilizing the Popsicle Stick Strategy, and the average scores of the students in the control group. The group of individuals participating in this research comprises female students in the fifth grade who are enrolled in scientific branches of day governmental secondary and preparatory schools that are affiliated with Class consisted of 31 students who were taught using the Popsicle Stick Strategy. On the other hand, Class B was assigned as the control group and comprised 30 students.

**أثر استراتيجية اعواد المثلجات في تحصيل واتجاه طالبات الصف الخامس الاعدادي في ماده قواعد اللغة الكردية**

**نبراس كاظم حسين العنزي**
Nebras.Naief2306@ircoedu.uobaghdad.edu.iq
**أ.د.مهاباد عبدالكريم احمد**
mahabad.abdulkarim@ircoedu.uobaghdad.edu.iq
**جامعة بغداد ، كلية تربية ابن رشد للعلوم الانسانية**

**الملخص**
البحث الحالي يهدف إلى معرفة (أثر استراتيجية اعواد المثلجات في تحصيل واتجاه طالبات الصف الخامس الاعدادي في ماده قواعد اللغة الكردية) ولتحقق من هدف البحث تم صياغة الفرضيتين الصفريتين:
١- ليس هناك فرق ذو دلالة إحصائية عند مستوى دلالة (0,05) بين متوسط درجات طالبات المجموعة التجريبية اللاتي يدرسن مادة قواعد اللغة الكردية وفق استراتيجية اعواد المثلجات في اختبار التحصيل .
٢- ليس هناك فرق ذو دلالة إحصائية عند مستوى دلالة (0,05) بين متوسط درجات طالبات المجموعة التجريبية اللاتي يدرسن مادة قواعد اللغة الكردية وفق استراتيجية اعواد المثلجات في مقياس الاتجاه .
وتمثل مجتمع البحث الحالي بطالبات الصف الخامس الاعدادي /الفرع العلمي في المدارس الثانوية والاعدادية الحكومية النهارية التابعة للمديرية العامة لتربية /الكرخ الاولى تم ,اختيار اعدادية (الانفال) للبنات قصديا ، واختيرت الشعبتين ( أ - ب ) عشوائيا لتمثل شعبة (أ) المجموعة التجريبية البالغ عددها (31) طالبة والتي درست وفق استراتيجية اعواد المثلجات ، وشعبة (ب) لتمثل المجموعة الضابطة البالغ عددها (30) طالبة والتي درست وفق الطريقة الاعتيادية ، طبقت التجربة في الكورس الدراسي (2023م - 2024م ) كافأت مجموعتي البحث في المتغيرات ( العمر الزمني للطالبات محسوبا بالشهور ، التحصيل الدراسي للأباء والامهات ، الاتجاه نحو المادة ) ، صاغت الباحثة الاهداف السلوكية للموضوعات فبلغ عددها (77) هدفا .

**کێشەی توێژینەوەکە:**
لەگەڵ ئەو پێشکەوتنە زانستییەی ئەمڕۆ دەیبینین، بەڵام کێشەی خوێندنی ڕێزمان تاکو ئەمڕۆمان بەردەوامی هەیە، زمانی کوردیش وەکو زمانەکانی دیکە، گرانی و ئاستەنگی خۆی هەیە، ڕووبەڕووی ئەوانە دەبێتەوە کە قسەی پێ ناکەن، بە تایبەتی لە بابەتی ڕێزمانی کوردی، لەگەڵ پێشکەوتنی کۆششی پەیوەست بە فێرکردنی زمانی کوردی، بەڵام خوێندکاران لاوازن لە ڕێزمانی کوردی، لە ڕاستیدا بە کرداری دەبینین، وتنەوەی توشی چەقبەستوویی و مەلەل بووە، بە هۆکاری ئەوەی زۆربەی مامۆستایان ڕێگای کلاسیك لە وتنەوەی بەکاردەهێنن، هەروەها بەکارهێنانی ستراتیجە نوێیە کاراکانیان فەرامۆش کردووە، ئەوە بووە بە هۆکاری نزمبوونەوەی ئاستی دەستکەوتی خوێندکاران بەو بابەتە.
توێژەر لە ماوەی ئەزموونە ڕوونەکەی لە بواری وانەوتنەوە، وایدەبینێت بەشی گەورەی کێشەکە دەگەڕێتەوە بۆ ڕێگای وانەوتنەوەی پەیڕەوکراو، کە پشت بە ئەزبەرکردن و تەلقین بە پلەی یەکەم دەبەستێت، هەروەها پەیوەندی بە ئامادەکردنی مامۆستایانی زمانی کوردی و گرانی بابەتی خوێندنەوە هەیە، لە ڕێگای ئەو چاوپێکەوتنانەی توێژەر لەگەڵ مامۆستایان ئەنجامی داوە، زۆربەی مامۆستایان جەختییان

لەسەر کردووە، کەواتە هۆکاری دابەزینی دەستکەوت دەگێڕتەوە بۆ زۆر بارودۆخ، گرنگترینیان پەیوەستبوونی مامۆستایانی زمانی کوردییە، بەو ڕێگایانەی تەنها پشت بە ئەزبەرکردن و تەلقین دەبەستێن لە وانەوتنەوەیدا، پرسەکە بووە بە هۆی چەقبەستوویی کارامەیی داهێنان لای خوێندکاران، هەروەها نەوروژانی بیرکردنەوەیان بۆ ئەو ڕاستی و زانیاریانەی لە ناو ژووری پۆل وەریدەگرن، لە ئەنجامدا بووە بە هۆی دابەزینی ئاستی دەستکەوتی خوێندنیان.

لە ماوەی ئەوانە توێژەر بینی کێشەکە ڕیشەییە، ئەوە پاڵینا ڕاپرسی بەدواداچوون بە (20) مامۆستا لە مامۆستایانی بابەتی زمانی کوردی بدات، لە خوێندنگەی ئامادەیی و دواناوەندی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی پارێزگای/ بەغداد

لە ئەنجامی ڕاپرسی بەدواداچوونی سەرەوە بۆ توێژەر دەرکەوت، گەورەترین نموونە لە مامۆستایان، جەختیان لەوە کردووە، دابەزین لە ئاستی دەستکەوتی خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی لە بابەتی ڕێزمانی کوردییە، زۆر لە لێکۆڵینەوە و توێژینەوەکان جەختیان لەوە کردووە، کە پسپۆڕان لە ڕێگانی وانەوتنەوەی زمانی کوردی ئەنجامیانداوە، ناتەواوی یان لاوازی لە ڕێگای وانەوتنەوەی زمانی کوردی هەیە، وەکو توێژینەوەی (احمد, 2020)(Ahmad,2020)وتوێژینەوە(عبید,2021)(Obaid,2021)وتوێژینەوەی(احمد,2023) (Ahmad,2023)، سەرجەمیان جەختیان لەوە کردووە، گرانی بابەتی ڕێزمانی کوردی لای ئەو خوێندکارانەیە کە پێشکەشیان دەکەن، ئاستەنگی تێگەیشتن و چێژبینین و گیانی داهێنان و چێژبینینی لاواز کردوونە، لەبەرئەوە ئارەزووی بەدواداچوون و سەرنجدانیان نییە، بۆیە تاکە مەیل و ویستیان بەرەو ئەزبەرکردن و دواتر خستنەڕووە، ئەو پرسە بووە بە هۆکاری دابەزینی دەستکەوتی خوێندن، بەو شێوەیە لاوازی خوێندکاران لە ڕێزمانی کوردی، بووە بە هاوشێوەی دیاردەی گشتی، کە خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی بەدەستییەوە گرفتارن، لەبەرئەوە توێژەر ستراتیجی وانەوتنەوەی نوێی تاقیکردووەتەوە، ئەویش ستراتیجی (دارە ساردەمەنییەکان)، لەسەر ئەو بنەمایەی ببێتە ئامرازێك بۆ چارەسەرکردنی دیاردەی لاوازی، کە ڕووبەڕووی خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی دەبێتەوە، هەروەها یارمەتی خوێندکاران دەدات، لە زیادبوونی دەستکەوتی خوێندنیان لە بابەتی ڕێزمانی کوردی، بەوشێوەیە کێشەی توێژینەوە خۆی لە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە دەنوێنێت:

ئایا ستراتیجیەتی دارە ساردەمەنییەکان کاریگەری لە دەستکەوت و ئاراستەی خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی لە بابەتی ڕێزمانی کوردی هەیە؟

**<u>گرنگی توێژینەوەکە:</u>**

ئامانجی بنەڕەتی پەروەردە بریتییە لە بونیادنانی کەسایەتی خوێندکار، بە تەواوی و هاوسەنگی لە سەرجەم لایەنە جیاوازەکان، لەبەرئەوە پرۆگرامی خوێندن بە ئامرازی سەرەکی دادەنرێت، بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە، لە ڕێگای یارمەتیدانی خوێندکاران بەرەو گەیشتن بە ئامانجەکانی پەروەردە کە مەبەستە بەدیبهێنن، بۆئەوەی توانا و ئامادەییان بۆ ئاستی پێشبینییەکان بەرزبێتەوە، لەگەڵ ڕەچاوکردنی جیاوازی تاکایەتی لە نێوانیان (سعادة وآخرون 2018, ل. 40)( Saadeh and Others,2018,P.40 )

هەروەها زمان بەخشینێکە لە بەخشینەکانی خودا، کە بە مرۆڤی بەخشیوە، هەروەها ئایەتێکە لە ئایەتەکانی، کە لە قورئانی پیرۆز ئاماژەی پێ کردووە (( مِنْ آيَاتِهِ خَلْقُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْتِلَافُ أَلْسِنَتِكُمْ وَأَلْوَانِكُمْ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِّلْعَالِمِينَ) (سورەتی الروم ئایەتی (٢٢)، لەبەرئەوە زمان نایابترین شتێکە خودا بە مرۆڤی بەخشیوە، هەروەها زمان جەوهەری مرۆڤ و دیاردەیەکە لە دیاردەکانی ئەقڵ و دەستپێکی هزرە (العبیدي ،٢٠١٥، ل. ١٩) (AI- Obaidi,2015,P.19) زمان بنەڕەتی کارلێککردنی کۆمەڵایەتی و دەروونی و مەعریفی نێوان خەڵکە، هەروەها سەرچاوەی سەرەکی ڕۆشنبیری هەر نەتەوەیەکە، بەڵگەیە لەسەر ناسنامەی مرۆڤ و ڕۆشنبیری و نەتەوەکەی، هەروەها هۆکاری ناونانی نەتەوەیە بە ناوی خۆی، لە ڕێگای زمان دەتوانرێت ڕۆشنبیری نەتەوە و کلتووری هزری بزانین (السید، 2017، ل. 44)(AI-Sayed,2017,p.44).

لێرەوە گرنگیی ڕێزمانی زمان لە گرنگی خودی زمان هاتووە، زمان بە نووسینی ڕاست نانووسرێت، تەنها بە زانینی ڕێسا و ڕێزمانە بنەڕەتییەکەی نەبێت، ڕێسای ڕێزمانی قەڵغانێکە زمان لە هەڵەکردن دەپارێزێت، قەڵەم لە خلیسکان دەپارێزێت، یاسای زمانی دەنگی و پێکهاتەی وشە و ڕستە کۆنترۆڵ دەکات، پرسێکی

پێویستە فەرامۆش نەکرێت، ڕێسای ڕێزمانی لە خۆیدا ئامرازێکە بۆ کۆنترۆڵکردنی قسە و ڕاستی دەربڕین و نووسین، لە خۆیدا مەبەست نییە، بەڵکو ئامرازێکە بۆ دروستی گوزارشتکردن، لەبەرئەوە دەبێت لە وتنەوەی ڕێزمان گرنگی بەوانە بدرێت، کە خوێندکاران پێویستییان پێیانە لە ڕێزمانی پێویست بۆ هەڵسەنگاندنی زمانیان و ڕاستکردنەوەی شێوازیان و تێگەیشتن لەوەی بۆیان دەخرێتەڕوو، بە شێوازی تێگەیشتنی ڕاست (زایر وعایز, 2014, ل .405) (Zayir and Eayiz,2014,P.405).

ڕێزمانی کوردی لە ژیانی ڕۆژانەدا گرنگی زۆری هەیە، تاك ڕادەهێنێت لەسەر بەکارهێنانی وشەی دروست و ڕاست، لەگەڵ ئەوەی لەلای خوێندکار چێژی ئەدەبی ڕێکیدەخات، هەروەها ڕایاندەهێنێت لەسەر هێزی تێبینی و بڕیاردان لەسەر پێکهاتەی ڕستە و ڕەخنەگرتن لێی، بەردەوامی لە ڕاهێنانی خوێندکار لەسەر ڕێزمانی کوردی ڕێکخراو بۆ تێگەیشتن لەو پێکهاتە ئاڵۆزە (خۆشناو, 2015, ل.16)(Khwshnaw,2015,P.16).

توێژەر وایدەبینێت ڕێسای ڕێزمانی لقێکە لە لقەکانی زمان، هەروەها ناتوانین لە زمان بڕوانین بەبێ ڕوانین لە ڕێزمانەکەی، لە ڕێگایەوە دەتوانین بەشێوەیەکی ڕاست و دروست بخوێنینەوە و قسەبکەین و بنووسین، ڕێزمان پێویستە و فەرامۆش ناکرێت.

لەم ڕوانگەیەوە، دەبێت ستراتیجیەتی وانەوتنەوەی نوێ بدۆزرێتەوە، وابکات خوێندکار ڕەگەزێکی کارا بێت لە هەڵوێستەکانی فێرکردن، لە ڕێگای ڕۆشنایی خستنە سەر ژمارەیەك لەو ستراتیجیانە، لەو ستراتیجە گرنگانەی فێربوونی چالاك، ستراتیجیەتی (دارە ساردەمەنییەکانە)، کە بە ستراتیجە نوێیەکان لە وانەوتنەوە دادەنرێت، هەروەها کاریگەری لە بەرزکردنەوەی ئاستی دەستکەوت لای خوێندکاران هەیە، هەروەها یارمەتی خوێندکاران دەدات لەسەر فێربوون و گەشەپێدانی کارامەییەکانیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، هەروەها خوێندکار جۆرەها کێشە دەناسێنت و چۆنیەتی گەیشتن بە چارەسەرکردنیان لە ڕێگای زانینی کاریگەریان و هۆکارەکانیان فێردەبێت، ستراتیجیەتی دارە ساردەمەنییەکان، خوێندکار دەکات بە تەوەری پرۆسەی فێرکردن، بواری تێکەڵاوبوونی خوێندکاران لە چالاکییە هەرەوەزییە بەکۆمەڵەکان و بەدەستهێنانی کارامەیی کۆمەڵایەتی فراوان دەکات، هەروەها ئەم ستراتیجە بەشداری لە گەشەپێدانی ئاراستەی ئەرێنی خوێندکاران بەرەو بابەتی فێرکردن دەدات، وادەکات فێرکردن نەرمتر بێت، ستراتیجەکانی فێربوونی نوێ ڕێگا بە بەشداری کارای نێوان خوێندکاران و کۆمەڵەکانیان دەدات، فێربوونی چالاك یەکێك لە ئاراستە پەروەردەییە هاوچەرخەکان لە پرۆسەی فێرکردن پێشکەش دەکات، کە کاریگەری ئەرێنی لە ناو پۆل دەبێت، پێناسەی خوێندکار بە بەشداربووی چالاك و کارا لە پرۆسەی فێرکردن دەکات، بەڵام ڕۆڵی مامۆستا ئاراستەکردن و ڕێنمایی و ئاسانکارە بۆ فێرکردن، لەبەرئەوە ستراتیجیەتی فێربوونی چالاك، کار لەسەر کاراکردنی ڕۆڵی خوێندکار بە شێوەی بنەڕەتی دەکات، وادەکات ببن بە تەوەری پرۆسەی فێرکردن (الشربيني والطنطاوي,2011, ل. 72) (AI-Shurbaini and AI-Tantawi,2011,P.72)

توێژەر قۆناغی ئامادەیی و خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی بە مەیدانی بۆ جێبەجێکردنی توێژینەوەکەی دیاریکردووە، لەبەرگرنگی ئەو قۆناغە لە نایابی و تایبەتمەندییە دیاریکراوەکانی هەیەتی، کە جیاوازە لە قۆناغەکانی دیکە، لەبەرئەوەی گەشەکردن لەو قۆناغە تەنها کورت نابێتەوە لەسەر لایەنی جەستەیی و فسیۆلۆژی، بەڵکو ئەو قۆناغە پێگەیشتن لە شێوازەکانی بیرکردنەوەی ئەقڵی و دركکردن لەخۆدەگرێت، هەروەها خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی جۆش و خرۆشی زۆریان بۆ گوزارشتکردن لە دید و بۆچوونەکانیان هەیە، ئەوان چەندین بیرۆکە و زانیارییان لەسەر بابەتی جیاواز هەیە، پێویستییان بە گەشەپێدانی ئەو بیرۆکە و زانیاریانە هەیە لەسەر گەڕان بەدوای دید و تێڕوانینی جیاواز، هەروەها پیکهێنانی دید و بۆچوونی زیرەکانە، قۆناغی ئامادەیی بە گشتی و پۆلی پێنجەمی زانستی بە تایبەتی، گرنگە لە ئامادەکردنی خوێندکاران بۆ بەردەوامبوون لە خوێندن لە قۆناغەکانی باڵاتر (السليتي, 2012, ل. 147 ( AI-Saliti,2012,P.147)

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

ئامانجی توێژینەوەکە زانینی کاریگەری ستراتیجیەتی دارە ساردەمەنییەکانە لەسەر دەستکەوت و ئاراستەی خوێندکاری پۆلی پێنجەمی ئامادەیی لە بابەتی ڕێزمانی کوردی.

**گریمانەکانی توێژینەوەکە:**

توێژەر بۆ بەدیهێنانی ئامانجی توێژینەوەکە، ئەم دوو گریمانە سفریەی داڕشتووە:-

1- جیاوازی ئاماژەپێکراوی ئاماری لە ئاستی خەملآندن (0.05) لە نێوان ناوەندی نمرەی خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزموونی نییە، کە بابەتی ڕێزمانی کوردییان بە پێی ستراتیجیەتی دارە ساردەمەنییەکان دەخوێنن، هەروەها لە ناوەندی نمرەی خوێندکارانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو نییە، کە هەمان بابەتیان بەپێی ڕێگای ئاسایی دەخوێنن لە تاقیکردنەوەی دەستکەوت.

2- جیاوازی ئاماژەپێکراوی ئاماری لە ئاستی خەملآندنی (0.05) لە نێوان ناوەندی نمرەی خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزموونی نییە، کە بابەتی ڕێزمانی کوردییان بە پێی ستراتیجیەتی دارە ساردەمەنییەکان دەخوێنن، هەروەها لە ناوەندی نمرەی خوێندکارانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو نییە، کە هەمان بابەتیان بە پێی ڕێگای ئاسایی لە پێوەری ئاراستە دەخوێندن.

**سنووری توێژینەوەکە**:

1- سنووری مرۆڤایەتی:- خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی/ زانستی لە خوێندنگەی ئامادەیی و دواناوەندییەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی بەغداد/ کەرخی یەکەم.

2- سنووری شوێنی:- خوێندنگەی ئامادەیی و دواناوەندییەکانی حکومی بەیانیانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی/ کەرخی یەکەم لە پارێزگای بەغدا.

3- سنووری زانستی:- ژمارەیەك لە بابەتەکانی بابەتی ڕێزمانی کوردی بڕیاردراو بۆ وتنەوە لە کتێبی خوێندنەوە و ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی پێنجەمی ئامادەیی، چاپی چوارەم بۆ ساڵی (2021) بابەتەکانی بریتین لە (جێناوی سەربەخۆ، جیناوی لکاو، ناو لە رووی ژمارە، ناو لە ڕووی ناسراوی، ئامرازەکانی پرس، کاری ڕابردوو، کاری ڕانەبردوو، کاری داخوازی).

4- سنووری کاتی:- وەرزی یەکەمی خوێندن لە ساڵی خوێندنی (2023 - 2024).

**دیاریکردنی زاراوەکان:**

- عامر(2006): بریتییە لە "هەر گۆڕانێکی نەرێنی یان ئەرێنی کار لە پرۆژەیەك بکات لە ئەنجامی پەیڕەوکردنی هەر چالاکییەکی پەرەپێدان"(عامر،2006،ل.9) (Aamir,2006,P.9).

- زایر وداخل (2015): بریتییە لە "کۆمەڵێك پلانی بابەتی و پاڵێوراو بۆ پەرەپێدانی پرۆسەی فێرکردن بەرەو گشتی، هەروەها بە گشتی بۆ ماوەیەکی درێژ دادەنرێت، ماوەکەی دەگات بە چەند ساڵێك" (زایر وداخل، 2015، ل. 142)(Zayir and Dakhil,2015,P.142 ).

- الفاخري (2018): بریتییە لە "ڕادەی وەرگرتنی خوێندکاران لەوەی فێربوونی شارەزایی و کارامەیی لە بابەتی خوێندنی دیاریکراو، کە خۆی لەو نمرانە دەبینێتەوە کە خوێندکاران لە تاقیکردنەوەی دەستکەوتی کۆتایی لەلایەن مامۆستا دەستیانکەوتووە" (الفاخري, 2018, ل. 57) (AI-Fakheri,2018,P.57 ) .

- (حمید, 2021): پێناسەی کردووە: بریتییە لە "کۆمەڵێك ڕێگای وانەوتنەوەی دیاریکراو بە سێ هەنگاوی دیارکراو، مامۆستا لە هەڵوێستی فێرکردن پەیڕەویان دەکات، هەروەها لەسەر بنەمای دیاریکردنی چەمك و شیکارکردنی و فێربوون و پێوانەی بەدەستهێنان دادەمەزرێت، ئامانجی ڕەخساندنی ژینگەی فێرکردنی چێژبەخش و سەرنجڕاکێشە (حمید، 2018، ل.379) (Hamaad,2018,P.379 ).

- الدليمي والوائلي (2015): بریتییە لە " ڕێساری ڕێزمانی لە قسەکردن بەکاریدەهێنین، بۆ ڕوونکردنەوەی واتا، ئەگەر ئەو ڕێسا ڕێزمانیانە نەبێت، ناتوانین لەو واتایانە تێبگەین لە قسەکردندا هەیە" (الدليمي والوائلي, 2015, ل. 43)(AL-DULAIMI AND AL-WAELI, 2005, P. 43).

- زیتون (2005) بریتییە لە: "دەستکەوتی وەڵامدانەوەی تاك یان خوێندکار بەرەو بابەتێك لە بابەتە زانستییەکان، لەو ڕووەی تاك یان خوێندکار پاڵپشتی ئەو بابەتە دەکات یان دژی دەبێت" (زیتون, 2005, ل. 110) (Zatoun,2005,P.110).

**لایەنە تیۆرییەکان و لێکۆڵینەوەکانی پێشوو:**

**تەوەری یەکەم: لایەنە تیۆرییەکان:**

**تیۆری بونیادی**

تیۆری بونیادی بە یەکێك لە تیۆرەکانی دەروونزانی دادەنرێت، لەو تیۆرانەیە جەخت دەکاتەیە سەر بونیادی مەعریفەی تاك لە ڕێگای ئەو زانیاری و مەعریفە و شارەزایانەی پێشوو لە یاردەوەری هەڵیاندەگرێت، هەروەها تیۆری بونیادی مێژوویەکی درێژی هەیە، لەبەرئەوە لەلایەن چەندین بیرمەند و زانا و فەیلەسوف

چاودێری کراوه، که بەشداریان لە بونیادنانی خێرای ئەو تیۆرە کردووە (الخفاجي, 2021, ل. 259) AI-Khafaji,2021,P.259).

**پرنسیپەکانی تیۆری بونیادی:**

گرنگترین پرنسیپەکانی تیۆری بونیادی لەسەر دادەمەزرێت بۆ فێربوون ئەمانەن:

1- فێربوون پرۆسەی بونیادی ئەقڵی چالاکە: تێگەیشتن و مەعریفە بە چالاکی خوێندکار و کۆششی ئەقڵی بەدەستدەهێنرێن.

2- بونیادنانی مەعریفە نەك گواستنەوەی: فێربوون پرۆسەی بونیادنانە، خوێندکار لە ڕێگا و چوارچێوەی تێگەیشتن یارمەتی دەدات لەسەر پێدانی واتا بەو شارەزایانەی پێیاندا تێدەپەڕێت.

3- مەعریفە و تێگەیشتنی کۆمەڵایەتی بونیاد دەنرێن: خوێندکار دەست ناکات بە بونیادنانی مەعریفەی بە شێوەی تاك، بەڵکو ئەو مەعریفەیە لە ڕێگای کارلێککردنی کۆمەڵایەتی بونیاد دەنێت (سویدان والزهيري, 2018, ل. 110) ( Sweidan and AI-Zuhairi,2018,P.110)

4- فێربوون زمان دەستەبەر دەکات: ئەو زمانەی خوێندکار بەکاریدەهێنێت، بە شێوەیەك یان بە شێوەیەکی دیکە کار لە فێربوون دەکات.

5- فێربوون هەنوکەیی نییە، بەڵکو کاتی پێویستە: بۆ ئەوەی فێربوون بە کرداری ڕووبدات، خوێندکار پێویستی بە دووبارە کردنەوەی بیرۆکەکان و پێداچوونەوەیانە جار لە دوای جار.

6- پاڵنەری پێکهاتەی سەرەکییە بۆ فێربوون: فێربوون بەکارهێنانی مەعریفەیە لە ڕیگای پاڵنەری بەدەستهێنان (المحيسن, 2007, ل. 140)(AI-Muhsin,2007,P.140).

**لایەنە ئەرێنییەکانی تیۆری بونیادی:**

1- مەعریفە لەلایەن خودی خوێندکار بونیاددەنرێت، بە شێوەی نەرێنی لەلایەن مامۆستا ناگوازرێتەوە بۆ خوێندکار.

2- مامۆستا یارمەتیدەر و ئاراستەکەری خوێندکارە، زانیاری پێ نادات یان پێ نابەخشێت.

3- لە ڕێگای چارەسەرکردنی کێشەکان یارمەتی خوێندکار دەدات لەسەر دۆزینەوە و بیرۆکەی زانستی.

4- گرنگی بە تێگەیشتن بۆ مەعەریفە دەدات، نەك گۆڕینی ڕەفتارە دیارەکان (سويدان والزهيري, 2018, ل. 110) ( Sweidan and AI-Zuhairi,2018,P.110 ).

5- فێربوون لەسەر شارەزایی و مەعریفەی پێشوو لای خوێندکار بونیاد دەنرێت، پێی دەڵێین هێڵکاری مەعریفی، هەروەها خوێندکار هەڵدەستێت بە بەیەکەوە بەستنەوەی جەوهەری نێوان مەعریفەی پێشوو و مەعریفەی داهاتوو.

6- خوێندکار ناچێت بۆ شارەزایی نوێی تاکو لە شارەزاییەکانی ژیان تێنەگات و بە تەواوی فێریان نەبێت، بەوشێوەیە بونیادی مەعریفی دروست دەبێت.

7- پرۆسەی فێرکردن لە دەور و بەری خوێندکارە.

8- جەخت لەسەر ئەو مەعریفەیە دەکات، کە خوێندکار دەتوانێت لە ژیانیدا کاری پێ بکات، نەك لەسەر مەعریفەی ناکارا (العدوان واحمد ,2015,ل.57) ( AI-Adwan and AI- Obaidi,2015,P.57 ).

**ڕۆڵی مامۆستا لەبەر ڕۆشنایی تیۆری بونیادی:**

1- فێربوون و مەعریفە ئاسان دەکات و خوێندکاران بۆ بونیادنانی ئاراستە دەکات، لەسەر ئەو پرنسیپەی خوێندکار هێزی سروشتی مەعریفەی هەیە، هەروەها ڕێگای گەیشتنی بە مەعریفە هەیە(الونداوي, 2015,ل.264) (AL-WANDAWI, 2015,P. 264).

2- ژینگەی پۆلی فێرکردن کارلێککردن دەرەخسێنێت، تایبەتمەندە بە کۆبوونەوە لە دەوری خوێندکار، لەبەرئەوەی کارکردن تیایدا لە ناو گروپی (هەرەوەزی) بچووکە، گە گفتوگۆدەکەن و بەراورد دەکەن و پێداچوونەوە دەکەن و هەڵسەنگاندن دەکەن و کارلێدەکەن و لەگەڵ یەکدی و لەگەڵ گروپە هەرەوەزییەکانی دیکە ڕێکدەکەون، ڕۆڵی مامۆستا ئاسانکاری فێربوون و گەڕانە.

3- دوای پرسیارکردن ماوەیەك لە کات بە خوێندکارەکان دەدات، لە وەرگرتنەوەی وەڵامەکان پەلە ناکات.

4- تایبەتمەندی خوێندکاران دەزانێت، چالاکی و ئەرکی گونجاو لەگەڵ توانا و تایبەتمەندییەکانیان بونیاد دەنێت، بۆ مەبەستی پەرەپێدانی (العبيدي, 2017, ل. 67)

( AI-Obaidi,2017,P.67)
5- هاندانی خوێندکاران لەسەر پشکنین لە ڕێگای پرسیاری هزری قوڵ و پرسیاری کراوە و پەسندکردنی سەربەخۆییان، لەگەڵ پێدانی مافی دەستپێشخەری.
6- زاراوەی مەعریفی بەکاردەهێنێت، ڕەنگدانەوەی تێڕوانینی مەعریفییە بۆ فێربوون و هاندانی خوێندکار لەسەر دیالۆگ و گفتوگۆ و گفتوگۆکردن لەگەڵ هاوتاکانی.
7- دەرفەت بۆ بەشداریکردنی خوێندکاران لەو شارەزایانە دەرەخسێنێت کە دژبێژن لەگەڵ تێگەیشتنیان یان بیرۆکەکانیان، هەروەها دانانی شارەزایی پێشوو بۆ خوێندکاران لە هەڵوێستی فێرکردنی نوێ و بەستنەوەی بە فێربوونی نوێ.
8- یارمەتی خوێندکاران لەسەر (بویناددنانی) شارەزایی نوێی بەدەستهاتوو دەدات، کە ئەنجامی فێربوونی نایابی تێکەڵ بێت، بە شێوەیەکی دروست لە بونیادنانی مەعریفەی خوێندکار، هەروەها فێرکردنی کار لە تێڕوانینی فێرکردنی بونیادی لە مامۆستای بونیادی بەدیدەهێنێت (الخفاجي واخرون, 2021, ل. 274)-AI (Khafaji and Others,2021,P.274)

**فێربوونی چالاك :**

فێربوونی چالاك ڕێگای فێركردن و فێربوونە لە یەك كاتدا، كە خوێندكار بەشداری لە چالاكییەكان بە كاریی زۆرەوە دەكات، لەگەڵ ڕەخساندنی ژینگەی فێركردنی جۆراوجۆر و دەوڵەمەند، كە ڕێگا بە گوێگرتنی ئەرێنی و دیالۆگی بونیادنەرانە و گفتوگۆ و بیركردنەوەی ئاگایانە و شیكاری دروست بۆ بابەتی خوێندن دەدات، هەروەها ڕامان لەوەی دەیخوێننەوە و دەینووسن بە ئامادەبوونی مامۆستا، خوێندكار لەسەر ئاستی بیركردنەوەی باڵا بۆ شیكاری و پێكهێنان و هەڵسەنگاندن هاندەدات، هەروەها خوێندكاران لە دید و بۆچوون بە ئامادەبوونی مامۆستا بەشداری دەكەن، كە ئاسانكاری پرۆسەی فێربوونە ڕووە و بەدیهێنانی ئامانجەكانی فێربوون پاڵیان دەنێت (سعادة, 2015, ل. 33)(Saadeh ,2015,P.33 )

**تایبەتمەندییەكانی فێربوونی چالاك:**

ئـ- جەختكردنە سەر بەرپرسیارێتی خوێندكار و پرنسیپەكانی لە دەستكەوتنی فێربوون و بەدەستهێنانی كارامەییە جیاوازەكان.
ب- گرنگیدان بە ستراتیجییەكانی فێربوون و ڕێگا ڕوونەكان و بیركردنەوە و ڕامان بە هەنگاوی فێربوونی كارامەیی سەرووی مەعریفە.
پ- مامۆستا بە ڕێكخەر و ئاراستەكار و ڕێبەری هەریەك لە مەعریفە و زانیارییەكان دادەنرێت، نەك سەرچاوەیان.
ت- پشت بەستان بە ستراتیجییەكانی هەڵسەنگاندنی متمانەپێكراو، لە پێناوی بڕیاردانە لەسەر كارامەیی ڕاستەقینە و واقیعی.
ج- گرنگیدان بە فێربوونی هەرەوەزی و فیدباكی وەرگیراو بە شارەزایی فێربوون.
ح- مەعریفە بۆ خوێندكار لەسەر پشت بەستان بە شارەزایی فێربوونی پێشوو و زیادكردن بۆی بە شێوەی جاڵجاڵۆكەیی بونیاد دەنرێت لە پێناوی قوڵبوونەوە.
خ- جەختكردنە سەر پرنسیپی ڕووبەڕوو بوونەوە كە شیاوی جێبەجێكردن بێت، بە هەبوونی پاڵپشتی گونجاو و پێشبینی بەرز و جەخت كردنە سەر داهێنان و ئیلهام.
د- پێویستە گرنگی بە بواری جەستەیی و سۆزداری و ئەقڵی خوێندكار بدرێت (سعادة واخرون, 2018, ل. 65 - 72) (Saadeh and Others,2018,P. 65-72)

**ستراتیجیەتی دارە ساردەمەنییەكان:**

ئەو ستراتیجیەیە كە زانا (بارتلی) دۆزیەوە، ئەو ستراتیجە لە جۆش و چێژ و ڕاكێشانی سەرنجی خوێندكارن بە بەرزترین ئاست دانراوە، ستراتیجێكی گونجاوە بۆ ئاستی تەمەنی بچووك، بەشداریكردنی كارا بۆ سەرجەمی خوێندكاران لە ڕەوتی وانەكە دەرەخسێنێت، هەروەها پاڵنەرییە بۆ خوێندكاران و مانەوەیان لەسەر سەنجدان، هەروەها گونجاوە بۆ پرسیاری كراوە، ئەو ستراتیجە ڕێكاری وانەوتنەوەیە، لە سێ هەنگاو پێكدێت، هەنگاوەكانی ئەمانەن:
1- نووسینی ناوی خوێندكاران لەسەر داری ساردەمەنییەكان.
2- دانانی دارەكان لە سندوقێكی ڕوون لە پێش سەرجەم خوێندكارەكان.

3- لە کاتی بەڕێوەچوونی وانەکە مامۆستا دارە ساردەمەنییەکان لە ناو سندوقەکە بە هەڕەمەکی دەردەهێنێت یان ڕادەکێشێت، خوێندکاری پەیوەست بە پرسەکە یان ناوی لەسەر دارەکە نووسراوە پێویستە لەسەر ئەرکی داواکراو لێ ئەنجام بدات، یان وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە کە ئاراستەی کراوە.

4- گرنگی ستراتیجیەتی دارە ساردەمەنییەکان، ئەم ستراتیجە لەسەر ڕەگەزەکانی جۆش و چێژ و ڕاکێشانی سەرنج و پاڵنەری هاندانی پاڵنەری خوێندکاران و مانەوەیان لەسەر سەرنجدان و جەختکردنیان و سەنجدانیان بۆ بەرزترین ئاست دادەنرێت، هەروەها ستراتیجێکی گونجاوە و بەرهەمدار و کارایە بۆ سەرجەمی خوێندکاران لە هەموو قۆناغێکی خوێندنی جیاواز، هەروەها ستراتیجیکی گونجاوە بۆ پرسیاری ناو پۆل، بەشداری لە چاکترکردنی پرۆسەی فێربوون و فێرکردنی ناو پۆل دەکات، بە شێوەیەك خوێندکار و مامۆستا ڕەزامەند دەکات و چاکترین ڕێگای کارلێککردنی ناو پۆلی ڕاستەوخۆ لە نێوان خوێندکار و مامۆستا لە هۆلی وانە بەدیدەهێنێت (حمید, 2021, ل.379) (Hameed,2021,P.379).

**رۆڵی مامۆستا لە ستراتیجیەتی دارە ساردەمەنییەکان:**

1- مامۆستا لەسەر دارە ساردەمەنییەکان ناوی خوێندکارێك لە پۆلەکە دەنووسێت.

2- مامۆستا دارەکان دەخاتە ناو سندوقێك لەسەر مێزەکێك.

3- لە کاتی گفتوگۆی ناو پۆل، مامۆستا یەك لە دارەکان بەرز دەکاتەوە، ئەو ناوەی لەسەر دارەکە دەردەکەوێت، پێویستە وەڵامی پرسیارەکەی خراوەتە ڕوو بداتەوە.

4- مامۆستا دارە ساردەمەنییەکە دەگێڕێتەوە بۆ ناو سندوقەکە، تاکو خوێندکار درك بکات، دەکرێت مامۆستا جارێکی دیکە ناوی ڕابکێشێتەوە(امبوسعيدي والحسنية,2015,ل. 156) (Ambosaeed and Al-Hasaniyah ,2015,P.156).

5- ڕێنمایی ئاراستەی خوێندکاران دەکات بۆ گەیشتن بە ئامانجی دیاریکراو، هەروەها راستکردنەوەی هەڵەکانیان بە بەردەوامی لەدوای تەواو بوون (قادر ، ٢٠١٨, ل.211) (Qadir,2018,P.211)

**لایەنی ئەرێنی ستراتیجیەتی دارە ساردەمەنییەکان:**

1- ئاشناکردنی خوێندکاران بە یەکدی و درووستبوونی ئاوێتە بوونی کۆمەڵایەتی .

٢- دەتوانرێت بۆ قۆناغە جیاجیاکانی و خوێندنگە بنەڕەتیەکان بەکاربهێنرێت .

٣- بۆ پێشبرکێی ڕۆشنبیری و چالاکی خوێندنگە دەکرێ بەکاربهێنرێت.

٤- بۆ زۆرێک لە بابەتەکانی خوێندن گونجاوە.

٥- خوێندکاران سەنتەری چالاکی و فێربوونن.

6- پاڵنەری فێربوون زیاد دەکات .

٧- خوێندکار هەست بە چێژ وخۆشی دەکات (عزيز, 2021، ل. 56) (Aziz,2021,P.56)

**دەستکەوتی خوێندن:**

دەستکەوتی خوێندن بە دیاردەیەك لە دیاردەکانی سەرکەوتنی پرۆسەی فێرکردن و پەروەردە دادەنرێت، هەروەها ئەنجامێکە لە ئەنجامە ویستراوەکانی، هاوکات بە ئامانجێك لە ئامانجە مەبەستدارەکان بۆ هەریەك لە تاك و کۆمەڵ دادەنرێت، هەروەها سەبارەت بە تاك دەستکەوت بە ئامانجێك لە ئامانجە بنەڕەتییەکان دادەنرێت، کە سەرکەوتنی لە خوێندن و دەستکەوتنی بڕوانامە و هەستکردن بە ڕەزامەندی و بەختەوەری لەسەر دەوەستێت، هەروەها ئەنجامێکە بۆ تێرکردنی پێویستییە دەروونییەکانی و کۆمەڵایەتییەکانی، لەوانە پێویستی بۆ سەرکەوتن و بەدیهێنانی خود، بەڵام ئەوەی پەیوەستە بە کۆمەڵگە، دەستکەوتنی خوێندن دیاردەی چاکتربوون لە ڕادەی زۆربوون و بەرهەم بۆ سیستەمی فێرکردن و نزمبوونەوەی ڕادەی جێهێشتن و بەهەدەردان لەو سیستەمە، هەروەها دەستکەوتی خوێندن بە گرنگترین ئاماژەی تەواوی سیستەمی فێرکردن دادەنرێت (موولی2022ل.2294) (Mouli,2022,p.2294)

**تایبەتمەندییەکانی دەستکەوتی خوێندن:**

دەستکەوتی خوێندن چەندین تایبەتمەندی لەخۆدەگرێت، گرنگترینیان ئەمانەن:-

1- دەستکەوتی خوێندن تایبەتمەندە بەوەی جەخت دەکاتە سەر مەعریفە و زانیاری و ڕاستییەکان و شارەزاییەکانی لە بابەتی خوێندندا هەیە.

2- دەستکەوتی خوێندن تایبەتمەندە بەوەی لەخۆگرتنی ئەو نمرەیەی کە دەری دەبرێت، کە خوێندکار لەو زانیارییەی هەیەتی (الكلابي, 2022) (AL-KALABI, 2022,P234,)

3- دەستکەوتی خوێندنی خوێندکار بە ئاستی زانستییەکەی دەپێورێت، ئەوەش بە هۆی ئەو تاقیکردنەوەی لەو ماوە کاتیەی کە بابەتی خوێندن دەخوێنێت ئەنجام دەدرێت، وەکو فیزیا و کیمیا، زمان، بیرکاری و مەعریفەی پەیوەست بە بابەتی دیاریکراو.

4- ئاستی دەستکەوتی خوێندن دەوەستێتە سەر ئەو زانیاری و مەعریفانەی لە ناو ژووری خوێندن وەریان دەگرێت، نەك لەسەر ئەو توانا تایبەتەی هەیەتی (عیسا,٢٠٢٢,ل.2343) (Aeasa,2022,p2343)

**تەوەری دووەم: لێکۆڵینەوەکانی پێشوو:**

**خشتەی (1)**

**خستنەڕووی لێکۆڵینەوەکانی پێشوو**

| ز | ناوی توێژەر و ساڵی توێژینەوە و شوێنی ئەنجامدانی | گۆڕاوی سەربەخۆ | قۆناغ | قەبارە و ڕەگەز و | بابەت | ئامرازی ئاماری | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | احمد (2016) عێراق | کاریگەری ستراتیجیەتی دارە ساردەمەنییەکان لە ڕێنووسی لای خوێندکارانی پۆلی سێیەمی سەرەتایی | پۆلی سێیەمی سەرەتایی | (62) مێ | ڕێنوس | تاقیکردنەوەی تائی (t-tes) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ و هاوکێشەی گرانی | سەرکەوتنی خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەموونی کە بە بەکارهێنانی ستراتیجیەتی دارە |
| 2 | حمید (2021) عێراق | کاریگەری ستراتیجیەتی دارە ساردەمەنییەکان لە بەدەستهێنانی چەمکی دەروونی و فەلسەفی لای خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی وێژەیی لە بابەتی | پۆلی پێنجەمی وێژەیی | (80) مێ | بەدەستهێنانی چەمکی دەروونی و فەلسەفی | تاقیکردنەوەی تائی (t-tes) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ و هاوکێشەی هێزی بڕگەکان و گرانیان و | سەرکەوتنی خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزموونی کە بە بەکارهێنانی ستراتیجیەتی دارە ساردەمەنییەکان |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 3 | عبيد (2021)<br>عێراق | کاریگەری فێرکردنی تێکەڵاو و فێربوونی چالاك لە دەستکەوتی خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی وێژەیی لە بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی و ئاراستەیان ڕووە و بابەتەکە | پۆلی پێنجەمی وێژەیی | (69) مێ | خوێندنەوە و ئەدەبی کوردی | تاقیکردنەوەی تائی (t-tes) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ و هاوکێشەی هێزی بڕگەکان و گرانیان و شوێنگرەوەی | سەرکەوتنی خوێندکارانی کۆمەڵەی کۆنترۆلکراو کە بە بەکارهێنانی کاریگەری فێرکردنی تێکەڵاو و فێربوونی |
| 4 | الربيعي (2022)<br>عێراق | کاریگەری ستراتیجی چالاککردنی خوێندکار لە دەستکەوتی بابەتی خوێندنەوە و ئەدەبی کوردی لای | پۆلی پێنجەمی ئامادەیی | (40 ) نێر | خوێندنەوە و ئەدەبی کوردی | تاقیکردنەوەی تائی (t-tes) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ و تاقیکردنەوەی | سەرکەوتنی خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزموونی کە بە بەکارهێنانی |
| 5 | الكلابي (2022)<br>عێراق | کاریگەری ستراتیجی رافت لە دەستکەوتی بابەتی خوێندنەوە و ئەدەبی کوردی لای خوێندکارانی | پۆلی پێنجەمی ئامادەیی | (76) مێ | خوێندنەوەی ئەدەبی کوردی | تاقیکردنەوەی تائی (t-tes) و هاوکێشەی گرانی بڕگەکان و | سەرکەوتنی خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزموونی کە بە |

| | | |
|---|---|---|
| 6 | 7 | 8 |
| مولی (2022)<br>عێراق | احمد(2022)<br>عێراق | احمد (2023)<br>عێراق |
| کاریگەری ستراتیجی پرسیاری ئاڵوگۆڕی ئاراستەکراو لە بەدەستهێنانی چەمکی ڕێزمانی لە بابەتی خوێندنەوە و ئەدەبی | کاریگەری ستراتیجی پوختەکردن و کۆکردنەوە بە بەکارهێنانی پیتی (T) وەکو دەروازەیەك لە وانەوتنەوە لە دەستکەوتی خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی زانستی لە | کاریگەری ستراتیجی میردر و هایز لە دەستکەوتی خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی وێژەیی لە بابەتی ڕێزمانی کوردی |
| پۆلی پێنجەمی ئامادەیی | پۆلی پێنجەمی زانستی | پۆلی پێنجەمی وێژەیی |
| 75 نێر | (51) مێ | (59) مێ |
| خوێندنەوەی ئەدەبی کوردی | خوێندنەو و ئەدەبی کوردی | خوێندنەوە و ئەدەبی کوردی |
| تاقیکردنەوەی تائی (t-tes) و هاوکێشەی گرانی و هاوکێشەی هێزی جیاکاری بڕگە و | تاقیکردنەوەی تائی (t-tes) هاوکێشەی کوهین و هاوکێشەی گرانی بڕگەکان و هێزی جیاکاریان و | تاقیکردنەوەی تائی (t-tes) هاوکێشەی گرانی بڕگەکان و هێزی جیازاریان و |
| سەرکەوتنی خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزموونی کە بە بەکارهێنانی ستراتیجی پرسیاری | سەرکەوتنی خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزموونی کە بە کارهێنانی ستراتیجی پوختەکردن و کۆکردنەوە بە | سەرکەوتنی خوێندکرانی کۆمەڵەی ئەزموونی کە بە بەکارهێنانی ستراتیجی |

**بەشی سێیەم**

**ڕێبازی توێژینەوە و ڕێکارەکانی:**

مەبەستی لە دیزاینی ئەزموونی ئەو ڕێبازەیە کە توێژەر تیادا هەوڵدەدات کاریگەری گۆڕاو لە گۆڕاوێك یان گۆڕاوێکی دیکە تاقی بکاتەوە (ابو زایدة, 2018, ل. 82) (ABUZAID,2008,P.82 )، هەروەها دروستی دیزاینەکە و دروستی دەستەبەری بنەڕەتییە بۆ گەیشتن بە ئەنجامی متمانە پێکراو (العزاوي, 2008, ل. 118)(AI - AZZAWI,2008,P.118)، هەروەها بۆ بەدیهێنانی ئەو توێژینەوە و گریمانەکانی، توێژەر دیزاینی ئەزموونی کۆنترۆڵکراوی بەشەکی بەکارهێناوە، کە پشت بە کۆمەڵەی ئەزموونی دەبەستێت، کە بەپێی ستراتیجییەتی (دارە ساردەمەنییەکان) دەخوێنێت، هەروەها کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە بەپێی ڕێگای ئاسایی دەخوێنێت، شێوەی (1) ئەوە روون دەکاتەوە.

**شێوەی (1)**

| کۆمەڵە | گۆڕاوی سەربەخۆ | گۆڕاوی پشت بەست | تاقیکردنەوەی کۆتایی |
|---|---|---|---|
| ئەزموونی | ستراتیجییەتی دارە ساردەمەنییەکان | دەستکەوتی و ئاراستە | تاقیکردنەوەی دەستکەوتی کۆتایی و پێوەری ئاراستە |
| کۆنترۆڵکراو | ڕێگایی ئاسایی | | |

**دیزاینی ئەزموونی توێژینەوەکە**

**کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:**

کۆمەڵگەی توێژینەوەی ئێستا پێکهاتووە لە خوێندنگەی ئامادەیی و دواناوەندی بەیانیانی حکومی بۆ کچان لە ناوەندی پارێزگای بەغدا/ بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کەرخی یەکەم بۆ ساڵی خوێندنی (2023 - 2024)، کۆمەڵگەی توێژینەوەی ئێستا بە خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی لە خوێندنگە ئامادەیی و دواناوەندییەکانی بەیانیان بۆ کچان لە ناوەندی پارێزگای بەغدا/ بۆ ساڵی خوێندنی (2023- 2024) دیاریکراوە.

**نموونەی توێژینەوەکە:**

توێژەر ئامادەیی (الانفال) بۆ کچان هەڵبژاردووە، کە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگای بەغداد/ کەرخی یەکەمە بۆ ساڵی خوێندنی (2023 - 2024) بە مەبەست هەڵبژاردووە , ژمارەی خوێندکارەکانی گەیشت بە (31) خوێندکار، هۆبەی (ب) بۆ نواندنی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو، ژمارەی خوێندکارانی گەیشت بە (30) خوێندکار، کۆی گشتی هەردوو هۆبەکە گەیشت بە (61) خوێندکار.

**هاوتاکردنی کۆمەڵەکانی توێژینەوەکە:**

توێژەر پێش دەستپێکردنی ئەزموونەکەی بە ئامار جەختی لەسەر هاوتاکردنی تاکەکانی کۆمەڵەکانی توێژینەوەکە کردووە، فۆڕمی زانیاری بە خوێندکارەکان داوە، بۆ ڕوونکردنەوەی ژمارەی گۆراوەکانی ئەدەبیات و لێکۆڵینەوەکانی پێشوو ئاماژەی پێکردووە، کە کاریگەریان لە ئەنجامی ئەزموونەکە دەبێت، گۆڕاوەکان ئەمانە( تەمەنی کاتی بۆ خوێندکاران هەژمارکراوبە مانگ, دەستکەوتی خوێندنی باوکان,دەستکەوتی خوێندنی دایکان, نمرەی ساڵی خوێندنی پێشوو بۆ بابەتی زمانی کوردی (22 - 2023), تاقیکردنەوەی زیرەکی, ئاراستە بەرەو بابەتی ڕێزمانی کوردی).

**پێداویستییەکانی توێژینەوەکە:**

**دیاریکردنی بابەتی زانستی:** توێژەر بابەتی زانستی کە توێژینەوەکە دەیگرێتەوە دیاری کردووە، کە بە خوێندکارانی کۆمەڵەکانی توێژینەوە دەڵێتەوە لە کاتی ئەزموونەکە، بەپێی داتاکانی بابەتی

زمان و ئەدەبی كوردی بڕیاردراو وتنەوەی بە خوێندكارانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی كە خۆی لە هەشت بابەتی بۆ ساڵی خوێندنی (2023 - 2024) دەنوێنێت.

**دارشتنی ئامانجە رەفتارییەكان:**

لەبەرئەوە توێژەر ئامانجە ڕەفتارییەكانی دارشتووە، بە شێوەیەك لەگەڵ سروشتی ناوەڕۆكی بابەتی خوێندن بگونجێت، توێژەر لە دارشتنی ئامانجەكان پۆلێنی بلوومی (Bloom) لە بواری مەعریفی وەرگرتووە، كە سێ ئاست دەگرێتەوە، بریتین لە (زانین، تێگەیشتن، جێبەجێكردن)، كۆی گەیشتووە بە (80) ئامانجی ڕەفتاری, خستوویتیە بەردەستی ژمارەیەك لە شارەزایان و پسپۆرانی پرۆگرامەكان و ڕێگاكانی وانەوتنەوەی زمانی كوردی و پێوانە و هەڵسەنگاندن بۆ خستنەڕووی دید و بۆچوونیان لەسەر ڕاستی دارشتنی ئامانجە ڕەفتارییەكان و گونجاوی ئاستی مەعریفیان و ڕادەی لەخۆگرتنی ناوەڕۆكی بابەتی خوێندن، توێژەر هەندێك لە ئامانجەكانی سڕیوەتەوە، هەروەها هەندێكی دیكەی هەموار كردوونەتەوە، بەوشێوەیە ژمارەی ئامانجە رەفتارییەكان بە شێوەی كۆتایی بووە بە (77) ئامانجی ڕەفتاری

- **ئامادەكردنی پلانی وانەوتنەوە:** توێژەر پلانی وانەوتنەوەی بۆ كۆمەڵەی ئەزموونی ڕێكخستووە، توێژەر بابەتەكەی بە بەكارهێنانی ستراتیجییەتی (دارە ساردەمەنییەكان) خستووەتەڕوو، هەروەها كۆمەڵەی كۆنترۆڵكراو بەپێی ڕێگای ئاسایی، نموونەیەكی بۆ هەریەكەیان خستوتە بەردەستی كۆمەڵێك لە شارەزایان و پسپۆرانی زمانی كوردی و ڕێگاكانی وانەوتنەوەی و پێوانە و هەڵسەنگاندنی بۆ خستنەڕووی دید و بۆچوون و تێبینییەكانیان، لەبەر ڕۆشنایی ئەوە پلانەكەی هەمواركردووەتەوە، بۆئەوەی دارشتنی كۆتایی وەربگرێت.

**ئامرازەكانی توێژینەوەكە:**

**تاقیكردنەوەی دەستكەوت:**

توێژەر پشتی بە پۆلێنی بلووم (Bloom) بەستووە، بریتییە لە (زانین، تێگەیشتن، جێبەجێكردن)، ژمارەی بڕگەكانی تاقیكردنەوەی دەستكەوتی گشتگیر گەیشتووە بە (30) بڕگەی تاقیكردنەوە لە جۆری (تاقیكردنەوە لە جۆرەها) لە بنەڕەتەوە بڕگەكان پێكهاتوون لە چوار شوێنگرەوە، كە تەنها یەكیان ڕاستە و سێیان هەڵەیە، هەروەها تەمەنی كاتی خوێندكاران كاتی بەشەوانەی خوێندن ڕەچاوكراوە.

**راستگۆیی تاقیكردنەوەكە:**

توێژەر تاقیكردنەوەی دەستكەوتی خستووەتە بەردەستی كۆمەڵێك لە توێژەران و پسپۆران لە زمانی كوردی و ڕێگاكانی وانەوتنەوەی و پێوانە و هەڵسەنگاندن، لەبەر ڕۆشنایی دید و بۆچوون و پێشنیارەكانیان هەندێك لە بڕگەكانی هەمواركردووە، یان ئەوانەی گۆڕیوە كە پێویستیان بە هەمواركردنەوەیە، لەبەرئەوە بڕگەكانی تاقیكردنەوە (30) بڕگەماوەتەوە.

**جێبەجێكردنی تاقیكردنەوە:**

جێبەجێكردنی سەرەتایی یەكەم:- دوای لێكۆڵینەوە لە ڕاستگۆیی تاقیكردنەوەكە، تاقیكردنەوەی دەستكەوت لە قۆناغی سەرەتایی یەكەم جێبەجێكرا لەسەر نموونەی سەرەتایی لە خوێندكارانی پۆلی پێنجەمی زانستی لە ئامادەیی (الانفال) بۆ كچان سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی/ پەروەردەی كەرخی یەكەم، ژمارەی خوێندكارەكانی (61) خوێندكاری بوو، مەبەست لێی زانین و ڕوونی ڕێنماییەكان و بڕگەكان و ڕێنماییەكانی تاقیكردنەوە و تێگەیشتنی خوێندكاران بۆ شوێنگرەوەی وەڵامەكان و زانینی كاتی گونجاو بۆ وەڵامەكان بوو، هەروەها پێی وتنی كاتی تاقیكردنەوەكە بە خوێندكاران پێش هەفتەیەك لە بەرواری جێبەجێكردنی، هەروەها سەرپەرشتیكردنی توێژەر و مامۆستا بابەتەكە لە خوێندنگە لەسەر جێبەجێكردنی، لەگەڵ ڕوونكردنەوەی هەندێك لە بڕگەكان بۆ خوێندكاران، بەوشێوەیە سەرجەمی بڕگەكان ڕوون و ڕەوان بوون، لە ڕووی واتا و دارشتنیان، هەروەها ناوەندی كات هەژماركراو بوو، دەركەوت كاتی خایاندن بۆ وەڵامدانەوەی بڕگەكانی تاقیكردنەوە (45) خولەك بوو.

**پێوەری ئاراستە بەرەو بابەتی ڕێزمانی كوردی:**

دوای خوێندنەوە و پشكنینی كۆمەڵێك لە ئەدەبیات و لێكۆڵینەوەی پێشوو(عجيل :2011)(Ajil:2011) و (عبيد: 2021)(Obaid:2021) و (مولي: 2023) (Mouli:2023)،

هەموو ئەوانە پارمەتی توێژەریان داوە لەسەر پرۆسەی ئامادەکردنی پێوەری تایبەت بە ئاراستە، بڕگەکانی پێوەرەکە گەیشتووە بە (30) بڕگە، سێ شوێنگرەوەی بۆ وەڵامدانەوەی هەر بڕگەیەك دیاری کردووە، بریتین لە (بەردەوام، هەندێکجار، بە دەگمەن)، هەروەها نمرەی بۆ بڕگەی ئەرێنییەکان دیاریکردووە، هەروەها نمرەی بڕگە ئەرێنییەکانی دیاری کردووە، سێ نمرە بۆ شوێنگرەوەی (بەردەوام) و دوو نمرە بۆ شوێنگرەوەی (هەندێکجار) و یەك نمرە بۆ شوێنگرەوەی (بە دەگمەن)، بەڵام بڕگە نەرێنییەکان، سێ نمرەی بۆ شوێنگرەوەی (بە دەگمەن) و دوو نمرە بۆ شوێنگرەوەی (هەندێك جار) و یەك نمرە بۆ شوێنگرەی (بە بەردەوامی).

**جێبەجێکردنی پێوەر:**

توێژەر هەڵساوە بە جێبەجێکردنی پێوەر لەسەر نموونەی سەرەتایی، پێکهاتووە لە (61) خوێندکار لە پۆلی پێنجەمی ئامادەیی لە ئامادەیی (الانفال) بۆ کچان لە ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی (25/ 12/ 2023) بۆ مەبەستی دڵنیابوون لە ڕوونی ڕێنماییەکانی پێوەری ئامادەکراوی پێشوەختە، کە چۆنیەتی وەڵامدانەوەی بڕگەکانی پێوەر لەخۆدەگرێت، هەروەها دۆزینەوەی ڕوونی و ناڕوونی بڕگەکان و دانانی کاتی پێویست بۆ وەڵامدانەوە، بە پشت بەستان بە هاوکێشەی خوارەوە، کە ناوەندی کات بە نزیکی گەیشتووە بە (25) خولەك، توێژەر تێبینی هیچ وردەکارییەکەی لەسەر پێوەر نەکرد، بەو واتایەی بڕگەکانی ڕوون بوون، هەروەها ڕێنماییەکانی بۆ سەرجەمی خوێندکاران ئاسان بوو، پێویستی بە هەموارکردنەوە نەبوو، لەبەرئەوە بڕیاریدا پێوەرەکان وەکو خۆیان بمێنەوە.

**بەشی چوارەم:**

**خستنەرووی ئەنجامەکان و راڤەکردنیان:**

**خستنەرووی ئەنجامەکان:**

بۆ مەبەستی لێکۆڵینەوە لە ڕاستی گریمانەی سفری یەکەم، کە توێژەر بۆ توێژینەوەکەی داینـاوە و جەختی لێکردووە، لەسەر ئەوەی (جیاوازی ئاماژەپێکراوی ئاماری لە ئاستی خەملاندنی (0،05) لە نێوان نمرەی خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزموونی نییە، کە بابەتی ڕێزمانی کوردییان بە پێی ستراتیجەتی دارە ساردەمەنییەکان دەخوێنین، هەروەها ناوەندی نمرەی خوێندکارانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە هەمان بابەتیان بە ڕێگای ئاسایی پێدەخوێنین لە تاقیکردنەوەی دەستکەوت).

دوای ڕاستکردنەوەی وەڵامی هەردوو کۆمەڵەی (ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو) لە تاقیکردنەوەی دەستکەوت، توێژەر هاوکێشەی (t-test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ بەکارهێناوە، بۆ دۆزینەوەی جیاوازی لە نێوان ناوەندی هەردوو کۆمەڵەکە، ناوەندی هەژمارکردن بۆ نمرەی خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزموونی گەیشتووە بە (23.838) بە لادانی پێوەری (4.435)، لە کاتێکدا ناوەندی هەژماری بۆ نمرەی خوێندکارانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو گەیشتووە بە (20.900) بە لادانی پێوەری (3.252)، ئەنجامەکە دەریخستووە جیاوازی بە بەڵگە ئاماری لە نێوان ناوەندی نمرەی کۆمەڵەکانی توێژینەوەی (ئەزموونی و کۆنترۆڵکرا) هەیە، دەرکەوتووە بەهای تائی هەژمارکراو (2.934)، ئەوە گەورەترە لە بەهای تائی خشتەیی، کە گەیشتووە بە (2.021) لە ئاستی بەڵگەی (0،05) بە نمرەی ئازادی (59)، واتای ئەوەیە جیاوازی ئاماژەپێکراوی ئاماری لە نێوان ناوەندی نمرەی خویندکارانی هەردوو کۆمەڵەکە لە تاقیکردنەوەی دەستکەوتی کۆتایی هەیە، هەروەها لە بەرژەوەندی کۆمەڵەی ئەزموونییە، ئەو ئەنجامە بەڵگەیە لەسەر سەرکەوتنی خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزموونی کە بابەتی ڕێزمانی کوردییان بە پێی ستراتیەتی دارە ساردەمەنییەکان پێ وتوونە، بەسەر خوێندکارانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە هەمان بابەتیان بە پیی ڕێگای ئاسایی پێدەخوێنین، لە تاقیکردنەوی دەستکەوتی کۆتای، خشتەی (18) ئەوە ڕوون دەکاتەوە.

**خشتەی (18)**

**ئەنجامی کۆمەڵەکانی توێژینەوە لە نمرەی تاقیکردنەوەی دەستکەوتی کۆتایی**

| کۆمەڵە | ژمارە | ناوەندی هەژمارکردن | لادانی پیوەری | جیاوازی | بەهای تائی | | نمرەی ئازادی | بەڵگەی ئاماری لە ئاستی (0,05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | | |
| ئەزموونی | 31 | 23.838 | 4.435 | 19.669 | 2.934 | 2.021 | 59 | بە بەرژەوەندی کۆمەڵەی ئەزموونی |
| کۆنترۆڵکراو | 30 | 20.900 | 3.252 | 10.575 | | | | |

**راڤەکردنی ئەنجامەکان:**

1- ستراتیجیەتی دارە ساردەمەنییەکان بە یەکێك لە ستراتیجیەتەکانی فێربوونی چالاك دادەنرێت، خوێندکاری لە حاڵەتی تەلقیندان گواستووەتەوە بۆ بەشداریکردن و کارلێککردنی هاوبەشیکردن.

2- پێشکەش کردنی بابەتی زانستی بەپێی ستراتیجیەتی دارە ساردەمەنییەکان بە شێوەیەکی سادە، خوێندکاران تێکەڵبوونی تەواو بە بابەتی وانەکە بەدەستدەهێنن، هەروەها شکاندنی کۆت و بەندی ترس و قەڵەقییە لە ناو ژووری پۆل.

3- ستراتیجیەتی دارە ساردەمەنییەکان، ستراتیجێکی نوێیە لە وانەوتنەوە، سەرنجی خوێندکارانی ڕاکێشاوە و ئاگایی و بیرکردنەوەیانی زیادکردووە و دەستکەوتی خوێندنیشی زیادکردوونە، بە تایبەتی لە وتنەوەی بابەتی ڕێزمانی کوردی.

**دەرئەنجامەکان:**

لەبەر ڕۆشنایی ئەوانەی توێژەر پێیان گەیشتووە، ئەو دەرئەنجامانەی بەدەستهێناوە:

1- وانەوتنەوە بەپێی ستراتیجیەتی دارە ساردەمەنییەکان، وایکردووە خوێندکاران بابەتی ڕێزمانی کوردی بە زانستی بخوێنن، کە لەسەر شیکردنەوەی زانیارییەکان و گفتوگۆکردن و جێبەجێکردن دامەزراوە.

2- بەکارهێنانی ستراتیجەیتی دارە ساردەمەنییەکان بیرۆکەی خوێندکاری فراوان کردووە، هەروەها توانای ئەقڵییان، لەگەڵ بونیادنانی کەسایەتییان و زیادبوونی متمانە بە خۆیان.

3- بەرکاهێنانی ڕێگای ئاسایی لە وتنەوەی بابەتی ڕێزمانی کوردی، بە پێی پێویست نەبووە، هەروەها لەگەڵ پێویستییەکانی سەردەم و تیۆری نوێ بۆ پرۆگرامی خوێندن ناگونجێت.

**راسپاردەکان:**

لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە، توێژەر ئەم ڕاسپاردانەی خستووەتەڕوو:

1- کردنەوەی خولی ڕاهێنان بۆ مامۆستایانی زمانی کوردی لە بەرکاهێنانی ستراتیجیەتە نوێیەکان لە وانەوتنەوە، لەوانە ستراتیجیەتی دارە ساردەمەنییەکان و ڕاگەیاندنی کاریگەری لە پرۆسەی فێرکردن.

2- جەختکردنی مامۆستایان لەسەر جۆراجۆرکردنی چالاکییەکانی فێرکردن لە ناو ژووری خوێندن، بۆ یەکەکانی خوێندن، بە شێوەیەك گونجاو بێت لەگەڵ ئاستی مەعریفی خوێندکاران، بۆئەوەی هەموو خوێندکارێك بتوانێت سوود لەو چالاکییانە ببینێت، کە گونجاوە لەگەڵ ئاستی مەعریفییان.

3- پێویستی بەکارهێنانی ستراتیجیەتی دارە ساردەمەنییەکان لە کاتی وانەوتنەوە، بۆ بەدیهێنانی کارلێککردنی چالاك لە ژینگەی پۆل و پێدانی دەرفەت بە خوێندکاران بۆ گوزارشتکردن لەسەر بیرۆکە و دید و بۆچوونی زانستییان.

**سەرچاوە کوردییەکانی**

خۆشناو، نەریمان عەبدوڵڵا. (2013). ڕێزمانی کوردی.چاپخانەی هێڤی.
عزیز، کریم ئەحمەد. (٢٠٢١). ستراتیژە نوێیەکانی وانەوتنەوە. چاپخانەی نارین.
عیسا, فورات ناسر عەبود.(٢٠٢٢). کاریگەری ستراتیژیەتی سیگۆشەی بیستن لە دەسکەوتنی بابەتی خوێندنەوە وئەدبی کوردی لەلای خوێندکارانی قۆناغی دووەم لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان. گۆڤاری (الاستاذ)بۆ زانستە مرۆڤایەتی ونیشتمانەکان,مجلد ٦١,العدد (٤) ل٢٣٣٧-٢٣٦٢.
قادر, ڕەمەزان حەمەدەمین. (٢٠١٨). ڕێگاکانی وانەوتنەوە شێوازو تیۆری پراکتیکییەکان (چ.٢). چاپخانەی سۆفیا کویە.
موولی ،ئەحمەد عەبدوالکەریم،عوبێد،کەوسەر جاسم.(٢٠٢٣).کاریگەری ستراتیژیەتی پرسیار گۆڕینەوەی ئاراستەکراو لە سەر دەستهێنانی چەمکە ڕێزمانییەکانی بابەتی خویندنەوە وئەدەبی کوردی لەلای فیرخوازانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی وئاراستەیان بەرەو بابەتەکە .گۆڤاری (الاستاذ)بۆ زانستە مرۆڤایەتی ونیشتمانەکان,61, العدد(4) ل.2287 -2318.
ئەلکیلابی،سەباعیسا فەرەج،وعوبێد،کەوسەر جاسم .(٢٠٢٣).کاریگەری ستراتیژیەتی ڕافت(RAFT )لەبەدەستهێنانی بابەتی خوێندنەوە وئەدەبی کوردی لەلای فێرخوازانی پۆلی پێنجەمی زانستی . گۆڤاری (الاستاذ)بۆ زانستە مرۆڤایەتی ونیشتمانەکان ،مجلد ٦٢ العدد(١)ل.١٩٧٨-٢٠٠٣.